زنجیرە کتێبی ئەلیکترۆنی
گرووپی نەسین

بەختیار علی



هەڵبژاردەیەک لە وتە و شعرەکانی

ئامادەکردنی : ایبراهیم صاڵح (نەسین)



زنجیرە کتێبی ئەلیکترۆنی گرووپی نەسین

ناوی کتێب : بەختیار علی----

هەڵبژاردەیەک لە وتە و شعرەکانی

ئامادەکردنی : ایبراهیم صالّح (نەسین)

ژمارەی کتێب : حەوتەم



بۆ دەست کەوتنی ناوازەترین کتێب

سەردانی ئەم ئەدرەسانە بکە

ماڵپەر : **WWW.KURD4TO.ML**

فەیس بووک : **Ebrahem Salh**



پێشەکی

گرووپی نەسین وەك گرووپێکی بێ لایەن
دروست بوە بۆ چالاکی ئەدەبی ورۆشن بیری
لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان
کتێبی ئەلیکترۆنیش یەکێکە لە چاکیەکانی
زۆر بەی کتێبەکان ئیزن لە نوسەرەکەی وەگیراوە
تەنیا چەند کتێبێك نەبێ..
یەکێك لە تایبەت مەندیەکانی کتێبی گرووپی نەسین
ئەوەیە کە کتێبەکانی چاپ کراو نین و
هیچ یەکێك لە کتێبەکان چاپ نەکراوە
کتێبەکانی تەنیا لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دەست ئەکەوێ
بەهیواین خزمەتێکی بچووك بە خوێنەری کوردی بکەین



2.5.2015

ایبراهیم صالح (نەسین)

بەر لەوەی خودا باڵندە دروست بکات
با "باڵی خۆمان دروست بکەین
بەر لەوەی نەتەوەو میللەتە شوومەکان
دابەشبکات ، با ببین بە قەرەج
ناچینە بەهەشتێک سبەینێ دەرمانکات
با هەموو بەهانە پووچەکان لە چنگی ئاسمان دەربهێنین
بێ گوناه بێینە سەر زەوی و بێ زیندوو بوونەوە بمرین ..!!

کەس هەست بە کەس ناکات ،
خۆر لەبەر ئێمە دەسوتێت ، ئێمە مانگمان پێ جوانترە..!!

سەخترین جۆری ئاوارەیی ئاوارەیی نییە لە نیشتیمان ،
بەڵکو ئاوارەییە لە مرۆڤەکانی دی..!!

من هەندێک ووشە لە خۆمدا ئەبینم ،
کە لە مێژە دەسوتێن و نابن بە خۆڵە مێش
با ووشەکان بسووتێن و تەواو بن
ئەوەی تەواو نابێت ،
ڕەگی ووشەکان و تۆوی ڕەشی ڕستەکانە لە خوێنمدا کە ئەبەدیە.
ئەوەتەی هەم هەندێک گەڵا لە باغی خۆمدا دەبینم
کە پایز دەستی پێیان ناگات.
هەندێک گوڵ دەبینم نامرن. منیش تەواو نابم ؟
نا.... من دەمرم و ئەم هاوارەی ناو ڕۆحمە دەڕوات و ئەبەدیە.

سەیرکە ، پاش عەشق چەند تەماحەکانم گەورە بوون
سەیرکە ، بووم بە چ کیمیاگەرێک و
خەون بە چ لابورێکەوە دەبینم
سەیرکە .... سەیرکە ، چ کافرێکم لێ دەرچوو

بیابان و سیاسەت هەردووکیان یەک شتن
دوو زەوین هیچیان تیاناڕوێت...!!

ئێمە وەها خوڵقاوین
هەر دەستمان بۆ عیشق برد شتێک دەشکێنین ..!!

خانم تۆ دڵی ئێمە بە ئاسن تێدەگەیت یان چی '؟
بەم هەموو حوسن و دەلالەوە دەڕۆیت و سەیرماناکەیت
' ئەرێ ئەم شەڕەی فاو لەسەر ئەو چاوانەی تۆ نییە خانم '؟
دە توخوا پێم بڵێ
تا ئێستا چەند کەس لەسەر ئەو لێوانەت کوژراون .

سەوسەن ...
داوای کرد بە دەستی خۆی
جلە خوێناویەکان لە بەری کامەران دابکەنێت.
پیاوەکان دەستیان گرت و بردیانە سەر لاشەکە.
سەوسەن دەستی بە قژی تەرمەکەدا هێنا،
روخساری لە روخساری ئەو کاتانە دەچوو کە پێکەوە دەخەوتن
و دواتر ماندوو لە سەر باسکی ئەو خەوی لێدەکەوت.
بە دەستی خۆی جلەکانی بە هێمنی لەبەر داکەند، ئەو
پەڵە خوێنینە گەورەیەی بینی لە ناوەراستی سنگیدا ..!!

"مەنسور ئەسرین" لە دڵی خۆیدا گووتی، "
جەهەنەم ئەوەیە خەڵک هەموو باست
بکەن و تۆ نەزانیت دەڵێن چی ..؟!

" ئەوەی ڕێکەوت دروستی دەکات
گەر بەشێک بوو لە چیرۆکێکی بێدەر و دەربەست،
چیرۆکێک کە قەدەر دەیچێنێت،
چەند بەری پێ بگریت هەمیشە
لە شێوەی ڕێکەوتی دیکەدا دووبارە دەبێتەوە. "

ئەمە ڕۆژگارێکە، ئەگەر سیەکانت لە زێڕ نەبێت،
هەوا خۆشی ناوێیت
دەستت پڕ نەبێت لە تەڵا ، ئاو ناهێڵێت بیخۆیتەوە
ئەگەر دڵت لە بەرد نەبێت ، دەستت ناگاتە عەشقێک
ئەگەر ڕۆحت لە مس نەبێت، بە خەندەیەکدا ڕاناگەیت...

یار لە ماڵ دەرکەین. دەریکەین
وەک دەرکردنی پشیلە لە حەوشی ماڵ.
دەریکەین و بیبەین و بڵێین بخنکێ ئەی خراپترین یار،
بڵێین با کرمەڕێزبێت
ئەم گۆشتە بە سەرمای زەمهەریری ئەمساڵ، بیخەینە
سەر ئاگر ئەم دەستە، بیکەینە پیاڵەوە ئەم خوێنە،
فڕێیدەینە سەر شۆستە وەک دز، وەک چرووک،
وەک قەحبەی ڕووت و ڕەجاڵ.
با یار لە ماڵ دەرکەین... با ماڵ لە یار دەرکەی

بزانە ...
رووناکی ئاگای لە تۆ نیە
ئەوە تۆیت دەبێت ئاگات لە تیشکی خۆت بێت..!!

لە هەر شوێنێکی دونیا نهێنی زۆر بوو ، ڕقیش زۆر دەبێت ..!!

تۆ ئەی ئەوەی من لەسەر فڕین سزا دەدەیت
هەموو یەکێک ڕۆژێک لە ڕۆژان فڕیوە
من خوشکەکانم هەریەکەی بەرەو ئاسمانێ فڕین
داپیرەم لە گۆڕستانێکی دووردا نیشتەوە
باوکم ڕۆژێک فڕی و نەگەڕایەوە
تۆ ئەی ئەوەی من لەسەر فڕین سزا دەدەی
پێم بڵێ باڵەکانی خۆت کوا؟

دەریکەین لە ماڵی پەڕەی گوڵ،
نەهێڵین تێکەڵ بە تامی مردن بێت ...
نەهێڵین لێو بدات لە لێوی مانگەشەو ،
دەریکەین لە سوعبەت و هەزەل ،
دەریکەین لە دەفتەری ژیان،
دەریکەین لە ڕەشنووسی غەزەل ..!!

کەجیهانمان بەشکرد
سبەینێ پۆڵا بۆتۆ
دڵی ناسکی بەیانیانیش بۆمن
گیای قەتار چییە خەیاڵییەکانی ئەمشەو بۆتۆ
حەشیشی شێداری ئێواران بۆمن
عەتری سەماکان بۆتۆ
خوێنی درەختەکان بۆمن
کەروێشکی سەراسیمەی ناو دەغڵەکان بۆتۆ
چۆلەکەی بچووکی ژێر تەپکەکان بۆمن
ناهاوڕێم نا
نیشتیمان بۆتۆ شەرەف بۆتۆ شەراب بۆتۆ یار بۆتۆ
بۆمنیش خۆم
گیا بۆتۆ دەغڵ بۆتۆ ترێ بۆتۆ چرابۆتۆ
بۆمنیش خۆم
تفەنگ بۆتۆ جەنگ بۆتۆ خۆر بۆتۆ هەوربۆتۆ
بۆمنیش خۆم
گوڵ بۆتۆ چەقۆ بۆتۆ کۆتر بۆتۆ خودا بۆتۆ
بۆمنیش خۆم . . .

تۆ لە ڕۆحی یەكتردا، لە دەستی یەكتردا،
لە چاوی یەكتردا دەبینین...
بۆیە دەتوانین لەگەڵ یەكدا بژین
لەسەر ڕۆحی ئەوانە نەبێت كە تۆ دەیانكوژیت،
تائێستا لەسەر ڕۆحی كەس ئەستێرەم نەبینیوە
ئەی تەنهایی كلیلەكانیشت ببەخشم،
كەس ناتوانێت دەرگاكانت بكاتەوە...
تۆ تەنیا نهێنی منیت كە دوژمنەكانم ناتگەنێ...
تەنیا بورجی منیت تا ئەبەد سوپایەک ناگاتە بەردەرگات...
تەنیا كتێبی منیت كەس ناتوانێت بتكڕێت
و كەس ناتوانێت بتخوێنێتەوە.
من دەزانم هەموو عەتریشت ببەخشم، كەس ناتوانێت
گوڵی تۆ بناسێ و باغی تۆ بدۆزێتەوە.

کاتێک گەرامەوە شارەکەی خۆم هیچ شتێکی جوانم نەمابوو
شانازی پێوە بکەم تەنها هەژارییەکەم نەبێت.

سە رۆك..
عە شقە كانمان مە گۆرە..ئێمە ناتوانین هە مووشە وێك
دڵي خۆمان بگۆرين..!

خۆشەویستی دەردێکە مرۆڤە جدیەکان توشی دەبن،
کەسانی بێباک بەرگەی قورسەی عەشق ناگرن،
عەشق وەک هەڵگرتنی شاخێکە لەسەر
دوو پەنجە هەم سەختە هەم دژوار....

زۆر سەیرە کاتێ عاشق ئەبین
ئەڵێی هەموو گۆرانیەکان بۆ ئێمە نوسراون..!!

ئازادیش وەك دیلی چەندین دەمووچاوی هەیە...
ئەوەش كێشە هەرە سەخت و بێچارەكەیەتی،
كێشەی گەورەی مرۆڤ ئەوە نییە
كە كۆیلەیەتی ترسناك و غەمگین و ناداد پەروەرە،
بەڵكو ئازادی ش هەمانشێوە،
دەشێت شانۆی ترس و بێباكی و كارەسات بێت.

عاشق بوون :
بریتییە لە خۆدزینەوە لە خۆشەویستی
هەموو مرۆڤەکانی تر لەپێناوی یەک کەسدا..!!

شۆرشگێر
كەسێكە دەبێت دەستبەرداری خۆی و ئازادی خۆشی بێت،
ئەوەیە شۆڕشگێڕی راستەقینە.

" ئەو وڵاتەی نەتوانێت نەوەیەکی عاشق بە ئەدەب و
شیعر دروستبکات، ناتوانێت
نەوەیەکی عاشق بە ژیان دروستبکات "

مرۆڤ سەرەتا دەیەوێت بژی. تۆ سەرەتا دەتەوێت بژیت دوایی
بیر دەکەیتەوە چۆن ژیاویت و دەتەوێت جۆن بژیت.

حەق نیە هێندە بیرت بکەم ، بەڵام حەق لە کوێدا ماوە ؟!!!

ئێمە فریشتە نین ..
مرۆڤ بەردەوام ئەو ڕستە بێمانایە دوبارە دەکاتەوە.
بۆئەوەی ڕێگا بە خۆی بدات تاوانەکان ئەنجام بدات..!!

" ئەوە تەنها خۆشەویستی نیە کە لە سێکسدا کۆتایی دێت ،
بەڵکو دەکرێ ڕێزێکی قوڵی دووکەس
بۆ یەکدیش هەر بە سێکس بەکۆتا بێت "

خەم لەوە مەخۆ ،کە تۆ ئێمەت توشی هیچ خەمێک کردبێت ،
هەر یەک لە ئێمە
تارمایی لاشەیەک لە خەیاڵماندایە کە
بەردەوام بەدوای خۆیدا ڕاماندە کێشێت ...!!

هەموو کەسێک چەند ساڵیکی گەمژەیی لە ژیانیدا هەیە .....!!

ئەی ئومێد ، هیچ شتێک وەکو تۆ فریوی نەداین ...!!

هیچ ژنێک نیە ئینسان نەتوانێت لە دڵی خۆی دەری بهێنێت ،
دەرهێنانی ژنێک لە دڵی خۆت،
لە داکەندنی جووتێک گۆرەوی ئاسان ترە!

خۆشەویستی مرد "با بۆ شتێکی تر بگەڕێین . ..!

" تاکە شتێک لێی ترساوم...
ئەوە بوە ڕۆحم لە جێگایەک و لەشم لە جێگایەکی دیکە بمرێت ،
ئەوە ترسی هەرە گەورەی هەمو ژیانم بووە! "

هەموو کتێبی دونیا دەخەینە سەریەک و گڕی تێبەردەدەین.
ئەرشیفی هەموو دەریا دەخەینە ئاگرەوە.
هەموو سێوێک، هەموو هەرمێیەک،
هەموو دەنکە ترێیەک دادەگیرسێنین...
هەمووی دەسووتێت و دەبێتە خاشاک و خامۆش دەبێت.
تەنیا تۆیت نابێتە خۆڵەمێش و ناکوژێیتەوە...
تۆیت... تۆیت.. ئەی پشکۆی من.

چ تاوانێک لەوە گەورەترە مرۆڤ
یەکێکی لە قوڵایی دڵەوە خۆشبوێتو
ئەو خۆشی نەوێت؟
ها چ تاوانێک لەوە گەورەتر هەیە بە خوێنی خۆت عاشق
بیت و ئەوەی خۆشت دەوێت، ساردوسڕ
سەیر بکاتو خۆی بابداتو بڵێت من تۆم خۆشناوێت
من ئەڵێم ئەوە لە کوشتنی مرۆڤ بە گوللـە خراپترە
لە کوشتنی ئینسانو سەربڕینی بە چەقۆ خراپترە

کە جیهانمان بەشکرد
سبەینێ پۆڵا بۆ تۆ
دڵی ناسکی بەیانیانیش بۆ من...!

لای من خۆر هەڵنایات ئەوەی زەوی رۆشندەکاتەوە ووشەیە،
خۆر ئاوانابێت ئەوەی تاریکی دروستدەکات ووشەیە....

ئەی وڵاتم: بیست و سێ ساڵە بۆنی خاك و مرۆڤ
و لیتە و عارەقەکەی تۆ دەچێت
بەسەرمدا و وەڕزنەبووم/ بیست و سێ ساڵە/
چاوەنواڕم شەوێکی کپ،
کچ و کوڕێکی شۆخ و شەنگ بێنەخوارێ و بۆ دورگەێکی
سەوز هەڵمگرن/
نەهاتیت و گلەیشم لێنەکردی/
تۆش پێم دەڵێیت ... خۆفرۆش و خیانەتکارم ...

ئەی ئەو کچەی خۆشم ئەوێیت..
ئەوە فرمێسکەکانم بیخەرە ناو جانتاکەتەوە،
ئەوە جلەکانیشـم لە بەردەم مزگەوتەکاندا بیبەخشە،
ئەوە چەقۆکەشم بە دڵی باڵندەکانی گەرەکدا هەلیواسە و
لە ونبوون و بێسەروشوێنیم مەپرسە ..!!

مۆسیقا
پێویستی بە پاشاکان و نۆکەرەکانیان نیە
بۆ ئەوەی نەمر بێت ..... " مۆزارت "
پێویستی بە هیچ یەکێک لەوان نیە بۆ ئەوەی بژی ..
جاویدانە لە سەری نەفامەکانەوە دەست پێ ناکات ،
بەڵکو لە سەری ئەواندا دەمرێت ...!!

بەباڵی حیکمەت بەرەو ماڵی دێوانەکان دەفرین..ئێمە واین
بەباڵی وەفا روەو کوچەیی جەفا دەفڕین ..ئێمە واین
سوار بەلەمێکی رەش دەبین و دەڵێن بابرۆین بۆ دورگەیی سپی
سوار کەشتی خوێن دەبین و دەڵێن تۆ لەکوێت ئەی ئاسودەگی
گوێ بەشەپۆلی هۆش هەڵدەخەین..ئێمە واین..دەچینە بەر
لافاوی شەڕ..ئێمە واین..ملوانکەیی هۆشیاری دەکەینە مل..

من وێڵم بە دوای ئەوەی لای تۆ ڕوونە و لای من تەمە !!

خەونەکانم وەکو نەخشەکانی قوتابخانە
وەکو فەرشی هەڵگیراو لە هاویندا
لوول دەکەم و بە پەیامنێرێکی بێبەرگ
و برسی و ڕووتەڵدا بۆت دەنێرم..!!

من كە دەسوتێم، ئیدی بۆ لە جەهەنەم بترسم..
ئە وەی سەرتاپای برین بێت، خۆی لە شمشێر نادزێتە وە ..!!
ئە ی ئاگر، ئە ی دۆستی هە موو دۆستە كان،
تە نیا پیاوانی ترسنۆك
پێویستیان بە بڵێسە كانی تۆیە بۆ سووتان..!!

عەشق گەر تاسەر ئێسقان ئازارت نەدات،
ناتوانێت كامەرانت بكات..!!

چ تاوانێك لەوەگەورەترهەیە بەخوێنی خۆت عاشق بیت و
ئەوەی خۆشت دەویت ساردوسڕ سەیرت بكات..!!
خۆی بابدات و پێت بلێ من تۆم خۆش ناوێت..
من دەڵێم ئەوە لەكوشتنی مرۆڤ بەگولە خراپتر،
لەكوشتنی ئینسان و سەربرینی بەچەقۆ خراپ ترە..!!

دەڵێم گەڕێ با بگەڕێمەوە مناڵیم ...
بە دوای جلکی کۆن و سمێڵی دەستکرد
و تەباشیرە بچکۆلەکانمدا ئەگەڕێم..
بە دوای ئەو جێگایانەدا ئەگەڕێم
کە سەنگ و بەردم تیا کردوون.
بە دوای فرمێسک و جنێوەکانمدا ئەگەڕێم ....
بە دوای ئەو شولکە تەڕانەدا ئەگەڕێم کە دارکاریان کردووم.
کارتەکانی قوتابخانە دەدۆزمەوە و
دەیدەمەوە بە بەڕێوبەرە پیرانە ،
با پارەکەم بدەنەوە ...
ئەو پارەیەی بە منداڵی لێیان سەندووم.
ئەو داپیرانە دەدۆزمەوە کە لە بێشکەوە کچانی خۆیان دا بوومێ ..
بە شەق و توڕەیەوە دەچمە ژورێ و دەڵێم نامەوێ ...
ئەو گورگە لەش برسی و پڕ لە ئاڵۆژانەم ناوێ ئەمجارە ...
حەکیمی هیچ تایەفەیەک توڕەیم دانامرکێنێتەوە ...

" سەوسەن هەستا چووە پێش دەمی کامەرانی سەلما و گووتی
ئەی ئێستا من چۆن دەبینی ،
کامەرانی سەلما دوای ئەوەی هەموو ژنی دنیات بینی ،
دوای ئەوەی کە بەزەویدا سەفەرت کرد، ئێستەش
من هەر وەک جاران ئەبینیت ...هەر وەک جاران؟ "
" کامەران خۆی ڕاست کردەوە و سەرێکی سەوسەنی کرد و گووتی
چوبێتم بۆ هەر وڵاتێک بە وردی سەیری هەموو ژنەکانم کردووە،
بەوردی لە جوانیان ڕاماوم ،
بەڵام سەوسەن خان من دڵنیات ئەکەمەوە،
لەسەر ئەم ئەستێرەیە
تۆ لای من لە هەر کەس پڕ ئەفسون تریت."

خەم لەوە مەخۆ ،کە تۆ ئێمەت توشی هیچ خەمێک کردبێت ،
هەر یەک لە ئێمە تارمایی
لاشەیەک لە خەیاڵماندایە کە بەردەوام
بەدوای خۆیدا ڕاماندەکێشێت ...!!

ئەی یار!
بەیانی دێت و مەرگ دێت و پایز دێت و تۆ دێیت و عەشق نایەت!
عەشق دێت و بەیانی نایەت و پاییز نایەت و تۆ نایەیت و مەرگ نایەت!
تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی نایەت و پاییز نایەت و مەرگ نایەت!
تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی دێت و پاییز نایەت و مەرگ نایەت!
تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی دێت و پاییز دێت مەرگ نایەت!
مەرگ دێت و بەیانی نایەت و عەشق نایەت و پاییز نایەت و تۆ نایەیت!
سەیرکە، هەرگیز لەگەڵ موعجیزەکان کۆنابینەوە!
بەڵام عەشق نەمریی خۆی ئەداتە ئەو سوارچاکانەی
کە لە ئەسپەکانیان دانابەزن
من و تۆش دوو پیادەین لە ئاو!

تۆ زۆر لەوە زیرەک تری لێم تێنەگەی
پێت دەلیم دەست بەو نیگارە خەیاڵیەی دڵتەوە بگرە چاکترە ..!!
شیرینی شەرابی خەیاڵ..لە تاڵی هەقیقەت باشترە !!

حەزرەتی یوسف بهێنە کوردستان، شەش مانگ سیاسەت
بکات ڕوخساری پاکی وەها ناشرین دەبێت،
هەموو دەڵێین خۆزگە گورگ بیخواردایە.

خۆشەویستی درەنگ وەخت
زیاتر لە بەزەییو پەشیمانی ئەچێت نەک خۆشەویستی!

من کە دەسووتێم,ئیدی بۆ لە جەهەنەم بترسم
ئەوەی سەرتاپا برین بێت,خۆی لە شمشێر نادزێتەوە.

ئەی یار ... شاعیرەکان هەمیشە لەگەڵ مردووەکاندا دۆستن ،
عاشقەکان هەمیشە لەگەل ڕەشەباکان بران.
ئەی یار ... زویر مەبە بەهەشتی عاشقان شێتخانەیە ..!!

" هەژاری زۆر شتت پێشکەش دەکات
کە هیچ ئادەمیزادێکی دیکە
نایبینێت مرۆڤ کە خاوەنی هیچ شتێکی ئەم دونیایە نەبوو ,
دەرگای هەندێ دونیای تری لێدەکرێتەوە ،
جێگای تر و بوونەوەری تر دەبینێت کە کەسانی تر نایبینین"

ئەوانەی لەبنەڕەتەوە گەمژەن،
زۆر لەوانە باشترن کە دەیانەوێت تێبگەن و رەنجی بۆنادەن !

ئیشی من ئەوەیە پاسەوانی حەوشەی پڕ کۆترت بم
گوڵت بۆ بکەم بە دەرمان
نەهێڵم بوکە شووشەکەت بگری
وابکەم مانگ لەلات ژیر بێت
وابکەم خوا تۆی لەبیر بێت . ..

وەک چۆن قسەی زۆر مرۆڤ دەخاتە هەڵەوە '
بێدەنگی زۆریش جێگەی گومانە . ..!!

لای من خۆر هەڵنایات ئەوەی زەوی رۆشندەکاتەوە ووشەیە
،خۆر ئاوانابێت ئەوەی تاریکی دروستدەکات ووشەیە....!!

خۆشەویستی دەردێکە مرۆڤە جدیەکان توشی دەبن،
کەسانی بێباک بەرگەی قورسەی عەشق ناگرن،
عەشق وەک هەڵگرتنی شاخێکە
لەسەر دوو پەنجە هەم سەختە هەم دژوار.....

خۆشەویستم

وێنەی تفەنگە دێرینەکانم بۆ بنێرە
نەوەک وێنەی دڵدارانی بەر سێبەری دەرختەکان
وێنەی خەنجەری خوێناوی ناو برینم بۆ بنێرە
نەوەک وێنەی سەیرانگا و تورومبێلە درێژەکان
وێنەی شوشەیەک ژەهر و لاشەیەکم بۆ بنێرە
نەوەک وێنەی کوڕی قژ زەرد و کچە شەبقە بەسەرەکان
تا دەمرم .... لەبەردەم کانییە وشکەکاندا شەرمەزارم
تا دەمرم دەست بە سنگەوە دەگرم بۆ تابووتی سواڵکەرەکان
تا دەمرم .... وەکو فریشتە دەڕوانمە سۆزانییەکان
سوێند بە مەمک و لێویان دەخۆم
تا دەمرم .... لەژێر زەبری ئەم خیانەتە پیرۆزەدا
کە لە کۆگا و کۆشکە پڕ لەزەتەکانم کرد، دەنرکێنم
دەنرکێنم و گۆرانی خوێناویشم وەک جێ پێی دز
لە کێوە بەفرینەکاندا بەرزبۆتەوە تا ئاسمان

هەندێک خوێنەر هەن تەنیا عاشقی خوێندەوەن.
کتێب و تێکستە گەورەکان سەرسامیاندەکەن.
ناخوێننەوە بۆ ئەوەی قسەبکەن، بەڵکو دەخوێننەوە
بۆ ئەوەی ئەو عەشقە قووڵەی خۆیان تێربکەن.
بێدەنگیان بێدەنگی عاشقانە، نایانەوێت
قسەیەک لە قسەی مەحبوبیاندا بکەن،
بەڵکو دەیانەوێت چێژ ببینن. پەیوەندیان
بە تێکستەوە پەیوەندییەکی ڕۆحی ئیرۆتیکییە.

یکرام ..ئیکرامی کیو من دەزانم ....
دەزانم تۆ چ فریشتەیەکی بەهیزیت ،
چ دلیکت هەیە ، من نامەویت باسی جوانیت بکەم ،
دەزانم ئینسان بە تەنیا لە ویزەی ئازارەکان نایەت ،
تۆش کوری ولاتیکیت مرۆڤە جوانەکانی هەمیشە تەنهان ....!!!

هیچ شتێک لە پەیوەندی نێوان
(رێز و خۆشەویستی) ئالۆزتر نیە .
رێز هەندێک جار بنەمای خۆشەویستیە ,
هەندێک جاریش دەیکوژێت .
هەندێک خۆشەویستی تەنها لەگەل رێز دا دەژی ,
هەندێک خۆشەویستیش تەواو
لە دەرەوەی رێزدا دەژی و گەورە دەبی .
هەندێ رێزیش هەیە زۆر لە خۆشەویستی گەورەترە ,
زۆرجار کە رێز دەفرێت گەورە دەبێت دەبێت
بە خۆشەویستی بەلام کەمجار خۆشەویستی
کەدەروخێت دەبێتە رێز

ئەو ڕۆژە کە دەستمانکرد بە بەخشینەوەی بەشە قوربانییەکان،
پێدەچوو
لە هەموو ڕۆژەکانی دیکە قوربانی زیاتر سەربڕدرابێت،
ئەو ئێوارەیە من گوتم شار خوێن دەیبات،
من گوتم گایان لەسەر عەرد نەهێشتووە
هەموویان کردۆتە قوربانی،
من گوتم
جارێکی دی ئەو خوێنە
لە دار و دیوارەکانی ئەم شارە نابێتەوە.

تۆ پێکەنینت پێش بە ختیاری کەوتووە،هێندە
باڵەکانت مەدە بەیەکدا،ژیان کوا بەرگەی
تۆفانی وا دەگرێت،ئەم هەموو نازە بەسەر
پایزدا چ مانایەکی هەیە؟کە مەوداکان لێرەوە
هەموو ماڵی تۆن
ئەی ئەوەی کەرنەڤاڵە درندەکانی بەهار
پردەکەیت لە نەسیمی دوور

کەتۆ لە ئەزەلەوە تەنهابوویت،،،
پێ کەنین تەنهاترت ئەکات

محەمەدی دڵ شوشە دەیگوت
{ کەسمان فێر نەکراوین بپرسین ئێمە کێین .؟
کە ڕۆژێک ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە ،
ئیتر هەموو ژیانمان دەشێوێت ،
بەڵام دواجار هەر یەکێکمان دەبێت لە ژیانی خۆی تێبگات } .

تێناگەم ئەو دەردە چییە بڵاوبۆتەوە ؟ چما چی بووە ؟
وا هەموو خەڵک لە ناکاو
دەیانەوێت ببن بە پاڵەوانی چیرۆک ..!

مرۆڤ گەر یەک ڕۆژیش بچێت بۆ جەنگ
تامردن بۆنی باروتی لێدێت!

خەم لەوە مەخۆ ،کە تۆ ئێمەت توشی هیچ خەمێک کردبێت ،
هەر یەک لە ئێمە تارمایی لاشەیەک لە خەیاڵماندایە
کە بەردەوام بەدوای خۆیدا ڕاماندە کێشێت ...!!

هەموو تێکستێکی گەورە هەمیشە
کۆمەڵێک دوژمنی گەمژەی هەیە
منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو نوسەرانە
نەبووم خەڵکی گەمژە بمترسێنن ...!!

تۆ ئەی ئەوەی من لەسەر فڕین سزا دەدەیت
پێم بڵێ من باڵەکانی خۆم چۆن ونکرد؟
لە یادمە خوشکە چکۆلەکانم دەفڕین
داپیرەم کە قاچی نەبوو دەفڕی
لە یادمە هاوڕێکانم دەفڕین

رۆشنبیر ئەو کەسەیە گومان دروست دەکات نەک قین ..!!


بەرلەوەی شەو دابێت، من تەنهام. بەرلەوەی خۆر هەڵبێت...
من تەنهام. بەرلەوەی بەر تەوری زێڕینی هەر بایەک
بکەوم کە لە کوشتنی سنەوبەرەکان دێتەوە، لێرەدا لە چاوەڕوانی
هەموو شێوەکانی مردندا دەوەستم و تەنهام..!!

سەخترین جۆری ئاوارەیی ئاوارەیی نییە لە نیشتیمان ،
بەڵکو ئاوارەییە لە مرۆڤەکانی دی..!!

ژیانی تۆ لە شەرەفی هەزار حیزب گەورە ترە
کە لەسەر تاڵانیەکانیان شەڕ دەکەن ..

هەندێ جار مرۆڤ تەنها لە پێناو یەک ئافرەتدا
بە جێگایەکی دونیاوە دەنوسێت ،
خوو بە شارێک یان شارۆچکەیەکەوە دەگرێت
تەواوی دنیا فەرامۆشدەکات ..!

کێشەی پیاوان لەوەدایە
کە دەزانن ئەو ژنەی بۆی دەگەڕێن بوونی نی یە.
بەڵام خانمان وانین
ئەوان بە جۆرێك سادە و خۆشبڕوان،
پێیانوایە ئەو پیاوەی لە خەیاڵیاندایە
هەیە دەشێت بیبین و بیدۆزنەوە..



لە هەر شوینێکی دونیا نهێنی زۆر بوو ، ڕقیش زۆر دەبیت ..!!

ئەوە گەمژەکانن وادەزانن

کتێب خوێندنەوە هەموو مرۆڤەکان وەك یەك دەکات ڕۆشنبیر ،

بەشی هەرە زۆری خەڵک کە کتێب دەخوێننەوە ،

دواتر دەبن بە درۆزنێکی باش ..!!

خوایە چی بکەم ،

ڕقم لەو کچ و کوڕ و مامۆستا گێلانەیە ،

کە وەکو شەمشەمەکوێرە

لە داڵان و حەوشەکانی زانکۆدا دێن و دەچن..!!

ئەی تەنهایی..

کلیلەکانیشت ببەخشم، کەس ناتوانێت دەرگاکانت بکاتەوە..

تۆ تەنیا نهێنی منیت کە دوژمنەکانم ناتگەنێ..

تەنیا بورجی منیت تا ئەبەد سوپایەک ناگاتە بەردەرگات..

تەنیا کتێبی منیت کەس ناتوانێت بتکڕێت و کەس ناتوانێت بتخوێنێتەوە..

من دەزانم هەموو عەتریشت ببەخشم،

کەس ناتوانێت گوڵی تۆ بناسێ و باغی تۆ بدۆزێتەوە..!!

گەورەترین لاوازی دونیا. لاوازی پیاوێکە
کە دڵنیا نییە ئاخۆ دەتوانێت دڵی ژنێک داگیر بکات یان نا ..؟!

گەورەترین ئازارێک مرۆڤ بیچێژێت پەشیمانی ڕاستەقینەیە ،
هیچ سزایەکی درەکی وەک
پەشیمانی مرۆڤ لە ناوەوە پاکناکاتەوە..!!

هــەموو شتەکان کــاتین.. ..
هەموو شتەکان تەنها بۆ ساتێك عومریان هەیە
و بەسەردەچن و لەیاددەچنەوە،
هەموو شتەکان هەر بۆ چەندانێك ئاوا دیار و
بەرجەستە دەبینرێن، ئەگینا
دواتر شت نییە نەبێتە تەپوتۆز،
هەموو شتەکان دەبنە تەپوتۆز..!!

مرۆڤ ئەگەر خەونی گەورەیی هەبێت ،
نابێت رەحم بەخۆیی بکات .....!!

بمدەنە دەست ئاوێک , لەسەر چاوەوە کچە سپڵەکان
دەمیان تێنەخستبێت
بمدەنە دەست شەپۆلی بیابانێک, لە ئەزەلەوە
قافڵەی پیاوە نامەردەکان پێیان تێنەخستبێت

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت تا کۆتایی بمێنێتەوە,
دەبێت ئەو خەیاڵە لە سەری خویدا دەربکات
لە پێناوی شتێکدا بمرێت..!!